

# نهێنیەکانی خۆشبەختی و رازەکانیسەرکەوتن لەژیان


هێڤار _ خالید قادر

رانیە


بەشی دووەم


hevar_1@yahoo.com


شوبنهاوەر : مرۆڤی کاملٚ کەسێکە کە ژیانی خۆی بە دەستی خۆی دروست دەکات .

بروا بوون بە توانا و ئیرادەی مـرۆڤ سەرچـاوەی سـەرکەوتنی ژیانـە ، مـرۆڤ دەتوانێـت مێـژوو دروست بکات و ژیان بگۆڕێت ، ئەو توانایەش پەیوەندی بە خودی خۆمانەوە هەیە ، کـە ئێمـە چین و چی دەکەین و بۆ دەژین ، چۆن زیندوویەتی بە ژیان دەدەین ؟

بەرپرسیاریەتی کارکردنمان و بەرنامەی رۆژانەمان ، ئەو بریارانەی دەیانگرینە بەر ، ویژدان و بە ئاگایی و خۆشەویستمان ، پێناسی بوونی ئێمە دەکەن .ئێمە هەر تـەنها پەیوەسـت نـین بـەو کارانـــەی کـــە لـــە ژیـــانی خۆمانـــدا روو دەدەن دەیانکـــەین ، بـــەڵکو گرێـــدراوی ئـــەو رووداو گۆرانکاریانەشین کە لە دەورووبەرمان روو دەدەن ، وەك مۆلێر دەلێت : ئێمە هەر بەرپرس نین لەو کارانەی کە دەیکەین بەڵکو بەرپرسین لەو کارانەش کە نایکەین .

خۆشبەختی واتای خـۆش ویسـتنی ژیانـە وەك خـۆی ، جـوان بینـی و هەسـت و رازێکـی پـەنهانی دەروونی خۆمانە ، و لە رێرەووی ژیاندایە ، لەگـەڵ رەفتـار و بیرکردنـەوە ومامەڵـەی کاتـەکانی رۆژانەمانە .ئەوەتا گۆرگی دەلێت چۆن گوڵ بۆ پشـکوتن پێشویسـتی بـە ئـاوە ، بەختـەوەریش پێویستی بە خۆشەویستیە .

بۆیە چەمکی خۆشبەختی و سەرکەوتنی ژیـان ، گرێـدراوی خۆشەویسـتیە، بـە هـەموو رەهەنـدو ماناکانیەوە ، پەیوەستە بە جوانی و روحێکی سپی و دەرونێکی گـەش و ویـژدانێکی ئاسـودەوە ، ویژدانێك کە لە روحێکی گەشەوە دێت ، لە ئاسودەگیەکی دەرونیەوە سەرچاوە دەگرێت ، کـە گرنگ نیە بۆی لە کۆی دەژیت و لەگـەڵ کـێ دەژیـت و چـۆن دەژیـت ، بـەتای ئـەوەی گرنگـە ویژدانت لە بریار و رەفتارەکانت ئاسودە بێت .

بیریارێکی یۆنانی دەلێت : کاری باش بۆیە باشە کە باشە .

لێرەوە باش بوون مانایەکی ئەخلاقی بەخۆیەوە دەگرێت ، ئەخلاق وەك بەرەنجامی کارەکانت و وەك خۆش ویستنی ژیان و تێکەڵ بوون بە جوانی ئاشنا بوون بە دڵۆپەکانی باران و تەڕ بوون لە میهرەبانیدا . وەك ئامێز گرتن لە کەند و لەندەکانی ژیان ، کە بتوانیت هەمیشە وەك نیچە دەڵێت : ئەزمونێك تێکم نەشکێنێت دروستم ناکات

تێکشاکان و دۆران، خەم و کێشەکانی ژیان ، لە زەمەن و رووداوێکدا روو دەدەن ، کە هەڵێنجراوی پێشینەکانی رەفتاری خۆمانە ، ئەوە ئێمەین زۆر جار لە سروشتی مرۆڤانەی خۆمان دوور دەکەینەوە ، پێمان وایە ئیتر ژیان کۆتایی هات ، لە کاتێکدا دەشێت هەموو دەرگایەکی داخراو رۆژێك بێت بکرێتەوە ، دەشێت خۆشبەختی و سەرکەوتن لە کات و ساتێکدا بێتە بەردەمت کە چاوەروانی نەکەیت ، ژیان کۆمەڵێك رووداو و رێکەوت و بابەتی هەمەجۆرە ، کە هەتا لە ژیاندا بیت مەحکومیت بە بینین و مامەڵە کردنی ، بەڵام گرنگ نیە تۆ چەندت توانا و سامان و دەسەلات هەیە ، گرنگ ئەوەیە تۆ چۆن دەتوانی بژی ، چۆن دەتوانیت سوود لە تواناکانت وەرگری .

ژیانی کولە مەرگی ، بەشێکە لە بێباکی و تاریك بینی ، لە کاتێکدا رازەکانی خۆشبەختی و ئاسودەگی ژیان ، وەك تاگور دەڵێت :

ئەو مرۆڤەی دارێك بچێنێت و بزانێت لەژێر سێبەرەکەیدا دانانیشێت ئەوە لە مانای خۆشەبەختی گەیشتوە

جوان بینی و خۆش ویستنی ژیان ، بە هەموو ساتە خۆش و ناخۆشەکانیەوە ،گرێدراوی روحی مرۆڤە و پەیوەندی بە شێوازی بەرێوەچوونی ژیانی خۆمانەوە هەیە . ئەو کەسانەی کە قەدەریانە بژین ، کەسانێکن ناتوانن ژیان وەك خۆی ببینن و مامەڵەیەکی تەندروستی لەگەڵ بکەن . چونکە قەدەری بوون واتە بروا بوون بەچارەنووس و بەخت و نسیبێك ، کە رووداوەکانی ژیان دەبەستێتەوە ، بە هێزێکی تری دەرەوەی ئینسانەوە ، بە پیی ئەو روانگەیە خۆشی و ناخۆشی و تەمەنمان ، سەرکەوتن و شکستەکانی ژیان ، مەسەلەیێکن پێشتر بریاریان لێ دراوە ، و لە لایەن هێزێکی باڵاترەوە کە لە دەرەوەی تواناکانی ئینسانە ، رۆنراوە واتە چارەنووسی پێشتر نوسراوە و بریاری پێشوەختی بۆ دراوە و قەدەری ئەو دەست نیشان کراوە .

ئەم بۆچونە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ، لە لایەن ئایین و چەند بیرورا و ئایدۆلۆژیایەکەوە رەوایەتی پێ دراوە ، و تا هەنوکەش لە زۆر بواردا درێژەی پێ دەدرێت ، وەك وەسیلەیەك بۆ داچەپاندن و کپ بوون و کۆیلە بوون بە کار دەهێنرێت .

قەدەری بوون کوشتنی روحی مرۆڤە لە کەسێکی واقیعی و کارا و چالاکەوە ، کەدەتوانێت وینای خۆی لە ژیاندا بکێشێت و بەهای خۆی بەرز بکاتەوە . بۆ کەسێکی رەشبین و بەتاڵ و نەخۆش ، کە هەمیشە لە چاوەرانی و وەهمدا دەژیت .
دۆن کیشۆت ، پاڵەوانە خەیاڵاویەکەی سیرڤانتس ، نمونەیەکی باشە بۆ ئەو کەسانەی لە وەهمدا دەژین و ژیان لە خەیاڵ پلاویدا دەبینن ، نهێنیەکانی خۆشبەختی و رازەکانی سەرکەوتن لە واقیعدا بەرجەستە دەبێت نەک لە وەهم و چاوەروانیی گۆدۆدا .
بێدەسەلاتی و بێهودەیی لە بنەرەتدا پەیوەندی بە روحێکی نەخۆشەوە هەیە ، ئەو نەخۆشییەی کە لە منداڵدانی کۆمەڵگاوە دێت و بەردەوام بە بیانووی جیا جیا خۆی نوێ دەکاتەوە ، ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە بازنەیەکی داخراودا دەسورێنەوە و بێباکی ، و بێدەنگی ، و ترس ، و شەرم ، بەشێکە لە کەلتوور و نەریتیان . ئەو کۆمەڵگایانە هەمیشە کەسانی لاواز و نەخۆش پەروەردە دەکەن ، کە خاڵین لە بنیات نانن و گۆران و دروست کردنی مێژوو .ئەو مرۆڤانەی کە خۆیان تەسلیمی چارەنوسێکی وون دەکەن بە هەستێکی کویلانەوە لە ژیان دەروانن
دانیاڵ دەلێت : لەو مرۆڤە بێدەسەلات تر نیە کە نەتوانێت نرخ و بەهای خۆی بەرز بکاتەوە .
بەهاکانی ژیان شتێک نین لە دەرەوەی تواناکانی ئێمە بن ، بەڵکو زۆر سادەترن لەوەی بە قورسی لێیبروانین و ، زۆر شیرین ترو ناسک ترن لەوەی ، بە ئاڵۆزیەوە سەیری بکەین .
وە دواجار ئێمە وەک هارڵد شرمن دەلێت : دڵنیا بن تەنها خودی خۆتان بەرپرسی هەموو رووداوەکانی ژیانی خۆتانن جا بە هەڵەکانتان بزانن یان نا .